www.kurdistannet.org
20-10-2006 11:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# یەکەم ساڵ یادی تەمەنت پیرۆز ... کامەران بەرزنجی







ڕووناکی دییەم کەس و کارو هۆز
هەی ئاوەدانی دڵ و دەروونم
هۆکاری شادی و هەم خەمی ژینم
دییەخان کیژ و کەنیشکی جوان
هەر سەرفراز بیت لە هەردوو ژیان
بۆ باوەو دایە ساڵح و ژیر بی
بۆ کوردستانیش کوردی ڕووسوور بی
خواناس لە ئاین، بەرز ڕەوشت بی
دڵسۆز بۆ خاك و کوردی نەریت بی
یاخوا دییەگیان هەردەم خۆشیت بی
لەش ساغ و دڵ گەش بەخت یارت بی
دییە و دییەو دییەخان، قەت نەتبینم پەرێشان
دییە ودییەو دییەخان، هەر بتبینم شادومان
دییە، دییەکەی باوە، نەتبینم پشت چەماوە
دییە، دییەکەی دایە، دەك بتنینم بە دایە
دییە، دییەی باپیرە، دییەخانمان زۆر ژیرە
دییە، دییەی داپیرە، دییەخان زۆر دڵگیرە
دییە، دییەکەی هەموان، خوا ئاگای لێت بی بۆمان
06 .10 .19